# بەڵگەنامەی جێبەجێکردن و پەرەپێدانی بنەماکانی حکومرانی باش  لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان

## پێشەکی:

هەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رۆڵ و بەشدارییان لە کایەی گشتی لە هەروڵاتێک بە یەکێک لە کایەکانی حکومڕانی باش دادەنرێت. بەهۆیشەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەك دەسەڵاتی پێنجەم پێناسەکراون، بەو پێیەی ڕێکخراوەکان رۆڵێکی گەورە دەگێرن لە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و خەڵك، لە پێکگەیاندن و هەڵسەنگاندن و هاوبەشیکردن لەگەڵ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەگوزاری و ئەدای حکومەت لە پرسە گشتیەکان.

لەهەرێمی کوردستانیش بەخۆشحاڵیەوە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2011ی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەرفەتێکی فراوانی لەبەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروستکردوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا رۆڵی خۆیان لە بوارە جیاجیاکانی حکومڕانی و کۆمەڵگە ببین.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم راستیانەی سەرەوە و ئەو پێگە گرنگە، پێویستدەکات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش خۆیان بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتی سەرشانیان بەهێز بکەن، بۆ هێنانەدی ئەمەش پێویستە بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و هێنانەی دی بنەماکانی حکومڕانیەکی باش لەناو ڕێکخراو بکەنە هەنگاوی پێشینە، تا بتوانن لەدەرەوە رۆڵی بەهێز لە  پرسە گشتیەکان بگێرن.

**بۆ ئەم مەبەستەش ئەم چەند بنەمایە دەخەینە ڕوو:**

## یەکەم: جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ

هەموو ڕێکخراوێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی، پێویستە پەیڕەوێکی هەبێت، کە لەژێر رۆشنایی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە(1)ی ساڵی 2011ی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوە، بەڕوونی دەسەڵات و ئەرکەکان خراونەتەڕوو، ڕێکخراوەکان لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی پێویستە پابەندی سەرجەم مادده و بڕگەکانی بن، هەر بڕیار و ڕێنماییەکی زیادە دەربچێت پێویستە بەرمەبنای پەیڕەوەکە بێت.

## دووەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەسەر بنەمای پەیڕەوی ناوخۆ پابەند دەبن بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی (بۆردی بەڕێوەردن و دەستەی جێبەجێکردن) بەجۆرێك بۆردی بەڕێوەبردن بەرپرس دەبێت لە دانانی روانگە و ئاراستە و پلانی ستراتیژی ڕێکخراوەکە و چاودێری جێبەجێکردنی، دەستەی جێبەجێکردنیش بەرپرسیار دەبێت لەجێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پلانی ڕێکخراو، بەجۆرێك کە دەکەوێتە ژێر باری چاودێری کردنی بۆردی بەڕێوەبردن و لەبەرامبەریدا بەرپرسیار دەبێت.

## سێیەم: ئاڵوگۆڕی بەرپرسیاریەتی

یەکێك لەبنەماکانی حکومرانی باش ئاڵوگۆڕی بەرپرسیاریەتی و پێدانی دەرفەتی یەکسانە بۆ هەمووان بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان بگێرن، بۆیە پێویستە لەناوخۆی ڕێکخراودا کەشێکی وا دروست بکرێت دەرفەت بۆ هەمووان دروستبێت بەرپرسیاریەتی وەربگرن و ئاڵوگۆڕی دیموکراتیانەی پۆستەکان جێبەجێبکرێت، بۆ ئەوەی ڕێکخراو توشی چەقبەستویی نەبێت و هاندەرێکیش بێت بۆ ئەوەی هەمووان هەوڵبدەن باشترین ئەدا پێشکەش بکەن.

## چوارەم: بەشداری لەدروستکردنی بڕیار

لەدروستکردنی بڕیار لەناوخۆی ڕێکخراوادا پێویستە هەمووان ڕۆڵیان هەبێت، دوور بخرێتەوە لە قۆرخکاری، هەروەها تا بکرێت کۆدەنگی لەسەر بڕیارەکان دروستبکرێت، پێش ئەوەی بە زۆرینە و کەمینە بڕیارەکان یەکلا بکرێتەوە، واتە زیاتر گرنگی بە گفتوگۆی ناوخۆیی بدرێت بۆ ئەوەی لەکاتی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار هەمووان بگەنە خاڵی هاوبەش و بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی بۆچونی هەمووان بێت.

## پێنجەم: شەفافییەت  لە بەڕێوەبردنی دارایی

بۆ پتەوکردنی متمانەی ناوخۆیی بەتایبەت لایەنی دارایی، پێویستە بەشێوەیەکی شەفاف و ڕوون لەسەر بنەمای سیستەمێك کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابێت بەڕێوەببرێت، پرۆسەکە کراوە بێت بۆ چاودێری ناوخۆیی، بۆ ئەوەش پارێزراو بێت لە خراپ بەکارهێنان.

## شەشەم: ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی

هەبونی ڕێککاری ناوخۆیی بۆ چۆنیەتی ڕێگری لە ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی، یەکێکە لە پێشنیارەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان لەسەر بنەمای خۆپاراستن باشترە لەچارەسەرکردن، بۆ ئەوەش ڕێکخراو دەتوانێت ڕێنمایی ناوخۆیی تایبەت بە ڕێگری لە گەندەڵی پەسەند بکات، ئەمە هاوکاردەبێت ڕێکخراو لەدەرەوەش بتوانێت لەو سێکتەرەی کاری تێدادەکات رووبەروی گەندەڵی ببێتەوە.

## حەفتەم: ستراتیژیەتی کارکردن

هەبونی پلانی ستراتیژی کورت، مامناوەند و درێژ کە لەسەر بنەمای بەشداری هەموان دارێژرابێت لەناوخۆی ڕێکخراو و لایەکانی کە بەرژەوەندیان هەیە، فاکتەر دەبێت بۆ بونی روانگەیەکی ڕوون و ئاراستەیەکی دروستی کارکردن، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ڕێکخراو.

## هەشتەم: پابەندبون بە بنەما یاسایی و مۆڕاڵیەکانی کاری ڕێکخراوەیی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پابەندی بنەما مۆڕاڵیەکان لە چوارچێوەی یاسا و بەربرسیارەتی کۆمەڵایەتی و پەیماننامەی کاری ڕێکخراوەیی.